# خەو خۆش مەرزیە خانم

فـەهـد گـردەوانــی
2005/9/18
ستۆکهۆڵم

یەکێک لە ئەستێرە پرشنگدارەکانی گۆرانی کوردی ئەمڕۆ لە شاری ستۆکهۆڵم ماڵئاوایی لە مۆسیقا و هونەری کوردی کرد.

کوردی ژێر دەستە گۆرانی بێژی پیاوی زۆرە ، بەڵام ژنە هونەرمەندی لە چەشنی مەرزیەی ئەوەندە کەمە کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن . مەرزیە شان بە شانی هاوڕێیەکانی چەکی پێشمەرگەی خستە سەرشان و چیا بە چیا دۆڵ بە دۆڵ سرود و گۆرانی بۆ کورد و کوردستان دەچریکاند . ئەو شێرەژنە دڵە گەورەکەی بۆ هونەر و ئەدەبی کوردی ئاواڵە بوو....لە کۆڕ و ئاهەنگەکان هەردەم ئامادە بوو لە خزمەت کردنی گۆرانی کوردی ، ببووە پشت و یارمەتی دەری هاوسەرەکەی هونەرمەند ناسری رەزازی . بەختی ناسری رەزازی چاکی هێنابوو بۆیە ببووە هاوسەر و هاوڕێی ئەو مرۆڤە هونەرمەندە...بە جووتە ئاهەنگیان سازکردووە و لە سەرماو سەهۆڵی سوێد پێکەوە سەدان جار لە پێناوی گەیاندنی دەنگی کورد و کوردستان سرودیان خوێندوە کە بۆ ئێمە بەشداربووانی خۆپیشاندانەکان و ئاهەنگەکان زیاتر تین و چێژمان وەرگرتووە و زیاتر هاندراوین بۆ خەبات لە پێناوی هێنانە دی مافە رەواکانمان .

مەرزیە خان ...دایکی مادرین ...دڵنیا...کاردۆ
هاوسەری ناسری رەزازی
خـــەو خـــۆش .

---

ئەمڕۆ رێکەوتی 2005/9/18 دڵە مەزنەکەی مەرزیەخانم لە نەخۆشخانەیەکی شاری ستۆکهۆڵم وەستا.